# چەرچڵ.. پیاوی تەنگانە

بەشی چوارەم وکۆتایی



**لە ستێتینی دەریای بەڵتیك تاكو تریستی دەریای ئەدریاتیك، پەردەیەکی درێژ بەسەر کیشوەرەکەدا داکێشراوە، لەدوای ئەم پەردەیە پایتەختەکانی وارشۆ، بەرلین، پراگ، بۆدابست، بەلگراد، بۆخارست، سۆفیا... ئەم شارانە بە ژمارەی دانیشتوانیانەوە بوونەتە قەڵەمڕەوی سۆڤیەت، تاکو ئەم جوڵانەوەیە بەردەوام بێت ژیان لەوێ سەخت دەبێت، ژیانی ئێمەش دەکەوێتە مەترسی**

**چەرچڵ**

ئا: ئیدریس ئیبراهیم ـ سوید

لە (١٩٤١/٦/٢٢) جارێکیتر ئەستێرەی بەختی (چەرچڵ) هەڵهات، هیتلەر روی لە سۆڤیەت کرد، کارە ستراتیژییەکانی تێکهەڵکرد، نەیتوانی تاکتیکەکانی خۆی بەتەواوی جێبەجێبکات، چەندین هەڵەی مێژوویی کرد، کە لە کۆتایی هەم ئەڵمانیای لە دەستدا، هەم سەری خۆشی تێداچوو، لە کاتی هێرش بۆ سەر سۆڤیەت، بیری لەو زستانە ساردەی ئەوێ نەکردەوە، هەروەها بیریچووبوو کە پێشتر پەیمانی لەگەڵ بەستوون، لەلایەکیتر هێرشی ئاسمانی لەسەر بەریتانیا کەمکردەوە، کە تا رادەیێك بوژانەوەیدا بە خستنەوەگەری کارگە پەککەوتوەکانی بەریتانیا، پشووێکیشبوو بۆ سوپای بەریتانیا.

لە هەمان رۆژ کە ئەڵمانیا دژی سۆڤیەت هێرشی دەستپێکرد (چەرچڵ) رایگەیاند کە بە هەموو شێوەیێك یارمەتی روسیا دەدات، هەرچەندە دوژمنی بیری کۆمۆنیستیش بوو، لە وتایێکدا بەراشکاوی گووتی:"مەترسی بۆ سەر سۆڤیەت، مەترسیە بۆ ئێمەش" هەروەها گووتی:"هیچ کەسێك بەرێژەی من لەماوەی بیست و پێنج ساڵی رابردوو دژایەتی کۆمۆنیستی نەکردووە، لە هیچ وشەیێك پەشیماننیم کە پێمگووتوون ، بەلاٌم هەموو ئەمانە بوونەتە شتێکی بێرەنگ، بەرامبەر بەو شانۆییەی ئێستا لە گەشەکردندایە" تاکو دەهات زەنگی مەترسی نازیزم زیاتر دەبوو، شەرەکان گەرمترو، جۆگەکانی خوێنیش دەبوون بە رووبار، شارەکان وێرانتر دەبوون، مۆسکۆ کەوتووبوە بەرمەترسی، چەندین شاری سۆڤیەت داگیر کرابوون، یان گەمارۆدرابوون، ئەو ساردوسرییەی نێوان جیهانی سەرمایەداری و کۆمۆنیستی زیاتر پەرەیدەسەند، کۆمۆنیستەکان بەدروشمی پاراستنی قەڵای سۆسیالیزم و دەوڵەتی کرێکاران گۆشدەکران، بەریتانیا مەترسی لەدەستدانی کۆڵۆنیالەکانی لەسەربوو، هێزەکانی ئەڵمانیا بە سەرۆکایەتی(رۆمل) لەئەفریقیا تەنگیان بە هێزەکانی بەریتانیا هەڵچنیبوو، لە لیبیا بەرەو میسر لە پاشەکشەدا بوون.

ئەمریکا هێشتا مەترسی جەنگی نەگیشتبوێ، بەلاٌم گەردەلولی هەرەشەکان لە رۆژهەلاٌتی ئاسیاوە بەرەو دەریای ئارام هەڵیکردبوو، باشترین هەنگاو کە لەبەردەم (چەرچڵ)دابوو ئەوەبوو کە خۆی بگەیێنێتە ئەمریکا، لە(یەکی ئابی ١٩٤١) کۆبوونەوەیەکی نهێنی لەنێوان چەرچڵ و رۆزفڵتی سەرۆك کۆماری ئەمریکا بەسترا، چەرچڵ بەلێهاتووی و هۆشمەندی خۆی توانی باوەر بە رۆزفڵت بێنێ کە گرمەی هەورێکی رەش هاکا لە سەر ئەمریکا بەدیارکەوت کە مەبەستی ئەڵمانیا بوو، چەرچڵ مەترسی یابانیشی بۆسەر ئەمەریکا روونکردەوە، چەرچڵ و مۆنتیگۆمری گەیشتنە ئەو باوەرە، کە ئەبێ باشتر توانایی خۆیان رێکبخەن بۆ تێکشکاندنی نازیزم لە ئەوروپا، چەرچڵ بەڵێنی دا کەسوپای وڵاتەکەی بەرەو رۆژهەلاٌت بجووڵێنێ بۆ شەرکردن لەگەڵ یابان، چوار مانگ دوای ئەو کۆبوونەوەیە یابان هێرشی کردە سەر هێزەکانی ئەمریکاو زیانێکی زۆری پێگەیاند، بەمەش دەرگا والاٌکرا بۆ ئەوەی ئەمریکا هاوکاری و پێداویستی سەربازی بۆ بەریتانیا رەوانبکات..

رۆزفڵت چەرچڵی بە گەورەترین و قارەمانترین مرۆڤی جیهان دەزانی، هەر بۆیەش لەکاتی کۆبوونەوە لەگەڵ سۆمپسیون کە سکرتێری چەرچڵ بوو گووتی:"زورباش ئاگاداریبە، چونکە ئەو گەورەترین مرۆڤی جیهانە، بۆ تۆش

بەرپرسیاریەتێکی بێوێنەیە کە بتوانی پارێزگاری لەو مرۆڤە بکەی".

دانیشتنی دووەمی نێوان چەرچڵ و رۆزفڵت لە ناوەراستی مانگی دوازدەی ساڵی ١٩٤١بوو چەرچڵ لەدەریاوە سەردانی ئەمریکای کردوو بە فرۆکەش بۆ وڵاتەکەی گەرایەوە، لە کاتێکدا ئەڵمانیا بە بەردەوامی لە ئاسمان و دەریاوە پەلاماری بەریتانیای دەدا، هەربۆیەش لەناو پەرلەمان دەنگی نارازیبوون بەرزبووەوە، رەخنەی توندیان ئاراستەکرد کە تەواوی ژیانی



چەرچڵ و ئێیزنهاوەر

خۆی بۆ جەنگ تەرخانکردووە، دەستیشی بەسەر لایەنی سیاسی و ئابووری داگرتووە، کە دەرەقەتی ئەو هەموو لایەنانە نایێ، بۆیە لە ناو پەرلەمان بە ئاشکرا داوای ئەوەیان دەکرد کە پێویستە وڵات لەلایەن سەرۆك وەزیرێکی گەنجەوە بەرێوەببرێ، چەرچڵ بەوشیاری و زانایی خۆیەوە توانی لەناو پەرلەمان لە دەنگدانێکدا دەنگی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان بەدەستبێنێ تەنها دەنگێك نەیاری بوو، چەرچڵ بۆ جاری سێیەم سەردانی ئەمریکای کرد، لەو سەردانەدا لەگەڵ رۆزفڵت بە دورودرێژی باسیان لە بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی کرد. هێزەکانی ئەمریکا تادەهات زیاتر شوێندەستیان لە شەردا بەدیاردەکەوت، لەلایەکی دیکەوە ستالین رەخنەی توندی لە بەریتانیاو ئەمریکا دەگرت کە لە ئەوروپا بەرەیەکی تری شەر بەرامبەر ئەڵمانیا

ناکەنەوە، هێزەکانی ئەڵمانیا لە ئەفریقیا لە پێشرەویدابوون، لە شەرێکی سەختدا نزیکەی(٣٠)سی هەزار سەربازی بەریتانیایی بەدیل گیرابوون، لە پەرلەمان و لەناو خەڵك رەخنەی توند لە چەرچڵ دەگیرا، بە بەرپرسیاری یەکەمی شکستەکەیان دەزانی، بۆیە چەرچڵ بە ناچاری بە فرۆکەیەکی جەنگی خۆی گەیاندە قاهیرە، بەرەکانی شەرو تەواوی هێزەکانی بەسەرکردەوە بەرنامەی نوێی بۆ دارشتن ومۆنتیگۆمری کرد بە بەرپرسیاری سوپای هەشت، لە قاهیرەوە چەرچڵ بەسواری فرۆکە بەسەر دەریای ناوەراستداو بەقوڵایی ناوچە جەنگیەکاندا بەرەو مۆسکۆ بەرێ کەوت، لەم سەردانەشدا زۆر لۆمەی لێکرا، لە(١٩٤٢/٨/٢٢) لە کۆشکی کرملین لەگەڵ ستالین کۆبووەوە، کە هەردووکیان خاوەنی ئەزمونێکی زۆربوون لەسیاسەت و لە دارشتنی ستراتیژی سەربازیدا، هەروەها شارەزایەکی زۆریان لەسەر یەکتری هەبوو، لەسەرەتای دانیشتنەکان ستالین گلەیی لە چەرچڵ کرد، کە کەمتەرخەمن لەکردنەوەی بەرەیەکیتر لە ئەوروپا ئەمەشی بەخۆپاراستن و خۆدزینەوە لە جەنگ پیشاندا،چەرچڵ رەخنەی توندی لە بۆچوونەکانی گرت، رونیشیکردەوە کە بەریتانیەکان چ گیانفیداییێکیان کردوە بۆ بەرپەرچدانەوەی فاشیزم و نازیەت، دواتر توانی باوەر بە ستالین بێنێ کە بۆچی بە هاوبەشی لەگەڵ ئەمریکا بەرەیان نەکردۆتەوە، هەروەها باسی ئامادەکارییەکانی کرد لە ئەفریقیا.

هێرشی ئەمریکا و بەریتانیا لە ئەفریقیا تەنگیان بە هێزەکانی ئەڵمانیا هەڵچنی، لە ئەفریقیا دیوەزمەی شەر کۆتایی هات، مۆنتیگۆمری لە ئەفریقیا و ئەیزنهاوەر لە ئەوروپا باشترین سەرکەوتنیان بەدیهێنا، مەرگی مۆسۆلۆنی شکەستی بە ئیتالیا هێنا، ورەی سوپاو جەماوەری ئاشتی پارێز بەرزبووەوە، چەرچڵ لە بەردەم پەرلەمان و لەرێگای رادیوەوە گووتی:"ئەوە کۆتایی نیە، سەرەتاش نیە بۆ کۆتایی، بەڵکو لەوانەیە کۆتایی سەرەتاییەکانە".

لە(١٩٤٣/١٠/١) ستالین و چەرچڵ و رۆزفڵت لە تاران کۆبونەوە، لە کۆبونەوەکە باس لە ئاکامەکانی جەنگ کرا، باسی سنووری پۆڵۆنیا و مەسەلەی دابەشکردن وجاودێریکردنی ئەڵمانیش لە دوای کۆتایی هاتنی شەر کرا، بەیاننامەیەك راگەیەندرا، کە رەشنووسەکەی چەرچڵ ئامادەیکردبوو:"ئێمە هاتووین بۆ ئێرە، بە هیواو ئامانجەوە بە گیانێکی برایانە ئێرە جێدێڵین"

دوای کۆبوونەوەی تاران زۆری نەخایاند کە هێزەکانی ئەمریکاو سوفیەت یەکتریان گرتەوەو توانیان

کۆتایی بە نازیزم بێنن، ئەمریکا داخی دڵی خۆی بە بۆمبابرانکردنی هەردوو شاری هیرۆشیما و ناکازاکی بە بۆمبی ئەتۆمی رشت، کۆتایی بە جەنگی دووەمی جیهانی هات، دوای جەنگیش رۆزفڵت کۆچیدوایکرد، چەرچڵ ئەوەندەی گووت:

"من هاورێییەکی باش و خۆشەویستم لەدەستدا".

چەرچڵ جەنگی جیهانی بردەوە بەریتانیا وکۆلۆنیالیەکانی لە داگیرکردن پاراست، بەڵام لە هەمانکاتدا کورسی سەرۆك وەزیرانی لەدەستدا. لە کاتێکدا کە چەرچڵ لە کۆنفراسی(پۆتسدام)بوو، لە گەڵ ستالین و سەرۆك کۆماری ئەمریکا هێنری ئێس تورمان، هەواڵی هاتنە سەرکاری پارتی کرێکارانی پێگەیشت، بێکاری لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانی و بێهێزی سیاسەتی دەرەوەی پارێزگارەکان و خۆئامادەنەکردنیان بۆ جەنگی دووەمی جیهانی تاکو ساڵی(١٩٣٩) هۆکار بوون کە خەڵك دەنگ بە سۆسیالیستەکان بدات و بێنە سەر حوکم. حکومەتی هاوبەش لە بەر یەکهەڵوەشایەوە، پارێزگارەکان لە پەرلەمان بوون بە کەمینە، چەرچڵ بەسەرکەوتوویی لە کۆنفراسەکە بۆ بەریتانیا گەرایەوە، کورسی دەستەڵاتی بۆ هاورێی نزیکی (کلیمێنت ئاتلی) سەرۆکی پارتی کرێکاران بەجێهێشت.

چەرچڵ دوای جەنگی دووەمی جیهانی

لە دوای ئەوەی پارێزگارەکان لە هەڵبژادن دۆران، چەرچڵ کۆشکی سەرۆك وەزیرانی جێهێشت، بۆ هەوارەکەی خۆی لە(چارت ویل) گەرایەوە، بەردەوامی دەدا بەسیاسەت کردن، وەك گەورەترن سیاسەتمەداری دونیا ناسرا، لە چەندین کۆرو سمینار بەشداربوو، تاکو دەهات بە پەرۆشتر دەبوو بۆ دیموکراتیەت و داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ، هەر بۆیە لە زانکۆی(وێست منیستەر) لە ئەمریکا دکتۆرای فەخری پێبەخشرا، لە ساڵی(١٩٤٦) لە کاتی وەرگرتنی دکتۆراکە، لە بەردەم خوێندکارانی زانکۆکە ووتارێکی پێشکەشکرد کەبەم شێوەیە دەستپێیکرد:"لە ستێتینی دەریای بەڵتیك تاکو تریستی دەریای ئەدریاتیك، پەردەیەکی درێژ بەسەر کیشوەرەکەدا داکێشراوە، لەدوای ئەم پەردەیە پایتەختەکانی وارشۆ، بەرلین، پراگ، بۆدابست، بەلگراد، بۆخارست، سۆفیا...ئەم شارانە بە ژمارەی دانیشتوانیانەوە بوونەتە قەڵەمرەوی سۆڤیەت، تاکو ئەم جوڵانەوەیە بەردەوام بێت ژیان لەوێ سەخت دەبێت، ژیانی ئێمەش دەکەوێتە مەترسی".

چەرچڵ هەرچەندە بە تەمەن بوو، بەڵام هەستی بە ئەرکێکی گرنگ کرد کە نووسینەوەی مێژووی جەنگی دووەمی جیهان بوو، بۆیە دەستیکرد بەخۆئامادەکردن و چەندین سیاسەتمەدارو مێژوونووسی کۆکردەوە کە پێکەوە ئەو مێژووە بنووسنەوە و خۆشی سەرپەرشتیان بکات، ئەوە بوو لە ساڵی(١٩٤٨) تاکو(١٩٥٤)تەواوی مێژووی جەنگی جیهانی لە شەش بەرگدا بە چاپ گەیاند، کە ئەمرۆ بە گەورەترین سەرمایەی مێژووی ئەو سەردەمە دەژمێردرێت، بۆتە باشترین سەرچاوە، هەر ئەم بەرهە بەپێزەش بوو کە سەرنجی کۆمیتەی خەڵاتی



جۆزێف ستالین

نۆبڵی بۆ ئەوە راکێشا کە ساڵی(١٩٥٣) خەڵاتی نۆبڵ ببەخشنە چەرچڵ، لەبری چەرچڵ خێزانەکەی بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە بۆ سوید چوو، هەرچەندە زۆربەی مێژوونووسان و سیاسەتمدارن ئەم خەڵاتە وەك جۆرێك لە سیاسەتکردن سەیردەکەن، چونکە چەرچڵ لە سەرەتای جەنگی دووەمی جیهان دەوڵەتی سویدی بە ترسنۆك و خۆپارێز دەزانی، کە لەسەرەتادا هاوکاری ئەڵمانیای دەکرد، لە دوایشدا یارمەتی سۆڤیەتی دەدا، کە ئەمەش بوو بە لەکەیێك بۆ دەوڵەتی سوید، بۆیە بە گوێرەی هەندێ بۆچوون سوید ئەم خەڵاتەی بۆیە بە چەرچڵ بەخشی تا لە ئاستی سیاسی و نەتەوەیی گەلەکەی خۆیان لە بەرچاوی بەریتانیا خۆشەویست بکەنەوە.

چەرچڵ بە درێژایی ژیانی وەك سیاسەتمەدار، رۆشنبیر، سەرکردە، گەشبینو بە توانا دەهاتە بەرچاو، پیاوێك بوو قەت سازشی لەگەڵ دوژمنەکانی نەدەکرد، پاراستنی دەستکەوتو دەستەڵاتی بەریتانیاو ئاڵاکەی بە ئەرکی سەرەکی دەزانی، هەموو ئەو سیفەتە باشانە وای لە خەڵکی بەریتانیا کرد کە بەرێزەوە لێیبروانن، هەربۆیەش کاتێ خەڵکەکە بەرامبەر بە حکومەتی پارتی کرێکاران رەشبینبوون، دیسان چەرچڵیان وەك سەرۆك وەزیران هەڵبژاردەوە، هەرچەندە لەتەمەنی حەفتاوحەفت ساڵی دابوو، ئەمجارەش چەرچڵ بەردەوام بوولە خزمەتکردنی ولاتەکەی، بەڵام ئەمجارە لەجیاتی فرمێسك، خوێن، شەر، بنیاتنانەوەو نوێکردنەوەو بروودان بەدیموکراتی پێشکەش بە ولاتەکەی کرد، لە ساڵی(١٩٥٥) لە تەمەنی هەشتا ساڵی بە ئارەزوی خۆی وازی لە لە پۆستی سەرۆك وەزیران هێنا.

چەرچڵ گەلەکەی خۆی وا گۆشکردبوو کە هەرگیز چۆك دانەدەن، لە گەرمەی شەر لە ساڵی(١٩٤١) رایگەیاند:"ئێمە هیچ کاتێك چۆك دانادەین، دوژمن گەورە بێت یا بچووك، بەهێز بێت یا بودەڵە، نابێ بە هیچ جۆرێك ملکەچبین، بۆ ئەمەش پێویستمان بە ئابروو، شەرەف، ژیری هەیە" ئەو سیاسەتەی چەرچڵ دایرشت و بەریتانیای پێپاراست، ئێستاش درێژەی هەیە، بەڵام لەدەرەوەی بەریتانیا ئەو رۆڵەی سەردەمی چەرچڵی لە دەست داوە، شوێنی بۆ زلهێزانی وەك ئەمەریکاوچین و یابان ..جێهێشتووە، بۆ ناوخۆی بەریتانیاش بۆتە سیاسەتێك، تا ئێستاش پارتی پارێزگاران پەیرەوی دەکات.

چەرچڵ لە دوا ساڵەکانی ژیانی بەتەواوی لە سیاسەت دوورکەوتەوە، لە تەمەنی(٩١) ساڵی و لە ساڵی(١٩٦٥) کۆچی دوایکردو لە گۆرستانی(وێست مینستەر ئابی) بە خاك سپێردرا.